فێرنان برۆدێل

گەورەترین مێژوونووسی فەرەنسی لەسەدەی بیستەمدا

هاشم ساڵح
لەعەرەبییەوە: شوان ئەحمەد



بەرایی:

هەندێك دەڵێن "برۆدێل" (1902– 1958) یەکێکە لەگەورەترین مێژوونووسانی جیهان. کاریگەرێتی سنوری فەرەنسای تێپەراندووەو گەیشتووەتە شاڕەکانی: (نیویۆرك و مۆسکۆو تۆکیۆو نیودلهی و ریبات و تونس و قاهیرەو دەیان پایتەختی دیکە).

هەنوکە کەس ناتوانێت لەدوای "برۆدێل"ەوە، مێژوو بەو شێوەیە بنووسێتەوە کەبەر لەو لەئارەدا بووە.

دەکرێت "برۆدێل" بەداهێنەری مێتۆدی نوێی نوسینەوەی مێژوو و ئەو تێرمە تازانە دابنرێت، کەسەرلەبەر پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی گۆڕی و میتۆدەکەشی بوو بە بابەتی

خوێندن لەتەواوی زانکۆکانی جیهاندا.

ئەوە راستە کە پێش ئەو کەسانی تر هەبوون و "برۆدێل" هەموو ئەو شتانەی لەخۆیەوە نەهێناوە. بۆ نموونە ناکرێت کاریگەری (قوتابخانەی بڵاوکراوەی ساڵانە) لەسەر "برۆدێل" بەهێند نەگرین، بەتایبەت دوو گەورە دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە "لوسیان ڤیڤەر"و "مارك بلۆك"، بەڵام گەر "برۆدێل" نەبوایە، میتۆدی مێژووی ئەو قوتابخانەیە بەو شێوەیە گەشەی نەدەکردو ئەو هەموو کاریگەرییە سەرتاسەری و جیهانییە نەدەبوو.

دەبا بزانین ئەم "فێرنان برۆدێل"ە کێیەو چی کردووە؟

وەڵامی ئەم پرسیارەمان لەکتێبێکەوە دەسگیر دەبێت کە "گیلیانا جیمیلی" نووسیویەتی و باس لەسی ساڵ لەژیانی تایبەتی و زانستی "برۆدێل" دەکات. شایانی باسە "گیلیانا جیمیلی" مامۆستای مێژووی هاوچەرخە لەزانکۆی بۆلۆنیا لەوڵاتی ئیتاڵیا.

"فێرنان برۆدێل" ساڵی (1902) لەگوندێکی بچوکدا کەدەکەوێتە خۆرهەڵاتی فەرەنساو نزیکە لەسنوورەکانی وڵاتی ئەڵمانیا لەدایکبووە. هاوڕێی قۆناغی خوێندنی کەسێکی ئاژاوەچی و تەمبەڵ بووە بەناوی "جان گابان"، بەڵام دواتر بوو بەیەکێك لەئەکتەرە گەورەکانی مێژووی سینەمای فەرەنسی.

"برۆدێل" دوای ئەوەی خوێندنی لەپاریس تەواوکرد، دەچێت بۆ جەزائیرو لەوێ لەئامادەییەکدا دەبێتە مامۆستای مێژوو. وەك دەزانرێت جەزائیر لەو سەردەمەدا، کۆلۆنێییەکی فەرەنسی لەوێ بوو، بۆ یەکەمجار دەریای سپی ناوەڕاست دەبینێت و بەجوانی و هێمنییەکەی سەرسام دەبێت. ئەوکات "برۆدێل" نەیدەزانی کەچارەکە سەدەیەك لەتەمەنی خۆی بۆ ئەو دەریایە تەرخاندەکات، تا لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی لەبارەوە بنووسێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش بریتی دەبێت لەتێزی دکتۆراکەی و نزیکەی هەزارو سێسەد لاپەرە دەبێت، بەنەخشەو وێنەکانەوە.

دوای مانەوەی ماوەیەك لەجەزائیر، دەگەڕێتەوە بۆ پاریس و لەئامادەیی (لویس باستۆر) وەك مامۆستایەك دەستبەکاردەبێت. ساڵی (1935) دەچێت بۆ بەرازیل و دەبێتە وانەبێژ لەزانکۆی ساوپاولۆ. دوای مانەوەی سێ ساڵێکیش لەوێ، دووبارە دەگەڕێتەوە پاریس تا لەقوتابخانەی پراکتیکی بۆ خوێندنی باڵا ببێتە وانەبێژ.

سەروەختێك دووەم جەنگی جیهانی دەستیپێکرد، وەك سەربازێك بەشداری ئەو جەنگەی کرد، بەڵام ساڵی (1940) لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بەدیلدەگیرێت و بۆ ماوەی پێنج ساڵ (واتە بەدرێژایی ساڵانی جەنگ) لەئەڵمانیا زیندانی دەبێت. لەوێ تێزە قەوارە گەورەکەی دەنووسێت دەربارەی (دەریای سپی ناوەڕاست لەسەردەمی فیلیپی دووەمی شای ئیسپانیا لەسەدەی شازدەیەمدا).

رەنگە کەسانێك هەبن پێیان سەیر بێت و بڵێن: (چۆن کەسێکی دیل دەتوانێت لەزینداندا تێزی دکتۆرای دەوڵەت بنووسێت؟)، بەڵام "برۆدێل" یادەوەرییەکی باشی هەبوو، ئەمەش یارمەتیدەری بوو تازۆربەی زۆری زانیارییەکانی بیر بمێنێت. سەرباری ئەوەش کاتی پێویستی هەبوو بۆ بیرکردنەوەو تێڕامان.

گەر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئازادیت لێزەوت بکرێت، ناچاریت بەدوای شتێکدا بگەڕێیت تا کاتی پێ بەرێ کەیت و لەچاوەڕانی قوتارت بێت، هەر بۆیە "برۆدێل" دەستبەجێ خۆی بەنووسینەوەی تێزی دکتۆرا بەناوبانگەکەیەوە خەریککرد. دوای دەرچوونیشی لەزیندان و ساڵی (1947) لەزانکۆی (سۆربۆن)، دەستیکرد بەوتوێژکردن لەسەر نامەکەی، واتە ئەو ساڵانەی

"برۆدێل" یادەوەرییەکی باشی هەبوو، ئەمەش یارمەتیدەری بوو تازۆربەی زۆری زانیارییەکانی بیر بمێنێت. سەرباری ئەوەش کاتی پێویستی هەبوو بۆ بیرکردنەوەو تێڕامان

زیندانی بەهەدەر نەدا.

سالّی (1949) بوو بەوانەبێژ لە (کۆلیژدۆ فرانس) کە بەرزترین دامەزراوەی زانستییە لەفەرەنساداو لە (سۆربۆن)یش بەرزترە. سالّی (1984) بەئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسی هەلّبژێردراو کرایە کەسایەتییەکی مێژوویی، بەلّام سالّێک دوای ئەو ڕێزلێنانە (واتە سالّی 1985) کۆچی دوایی کرد، کەوابێت "برۆدێل" هەشتاو سێ سالّ ژیاوە، ئەم تەمەن درێژییەش بواری ئەوەی پێدا، چەندین نەوە لەمێژوونووسان لەسەردەستی ئەو پێبگەن و چەندین کتێبی وەهاش بنووسێت کەبوونە ژێدەری گرنگ، بۆ تێگەیشتن لەسەردەمەکەو حالّی بوون لەچۆنیەتی دروستبوونی مۆدێرنەو سەرمایەداری و شارستانیەتی مادی کەکۆنترۆلّی دنیایان کردووە.

ئەو تێزی دیکتۆرایەی باسمانکرد، یەکێکە لەگرنگترین بەرهەمەکانی و تایبەت باس لەدەریای سپی ناوەڕاست و ئەو گەلانە دەکات کە لەنزیک ئەو دەریایە دەژین. ئەلّبەتە گەلانی عەرەبی و ئیسلامیش لەنێو ئەوانەدان. فەرەنسا لەو ولّاتانەیە کەبەسەر دەیاری سپی ناوەڕاستدا دەڕوانێت، هەروەها ئیسپانیاو ئیتالیاش، ئەمە جگە لەجەزائیرو میسرو تونس و مەغریب و سوریاو لوبنان و تورکیا. بەدرێژایی مێژوو دەریای سپی ناوەڕاست و ناوچەکانی دەوروبەری، شوێن و جێگەی چەندین شارستانیەتی دیارو گەورە بوون بەدرێژایی مێژوو، هەر لەشارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانییەوە بۆ شارستانیەتی بیزەنتی و ئیسلامی و کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی و....هتد.

دووەم کتێبی گەورە کە "برۆدێل"نووسی، دەکرێت وەک سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی کەپیتالیزم تەماشابکرێت، ئەم کتێبە دواتر بوو بەکتێبێکی کلاسیکی و لەئێستاشدا، بۆتە ژێدەرو سەرچاوەی تەواوی توێژەران. کتێبەکە بەسەر سێ بەرگری گەورەدا دابەشبووەو کۆی لاپەڕەکانیان سەرو هەزار دەبێت. ناونیشانی کتێبەکەش ئەوەیە: (ژیاری مادی و ئابووری و سەرمایەداری، لەنێوان هەردوو سەدەی پازدەیەم و هەژدەیەمدا). ئەوەی دەیەوێت بزانێت بەشێوەیەکی مێژوویی و مادی و بەرچاو، چۆن چۆنی جیهانی مۆدێرن دروستبوو. دەبێت ئەم کتێبە بخوێنێتەوە. "برۆدێل" لەم کتێبەدا باس لەچۆنیەتی دروستبوونی سەرمایەداری و گواستنەوەی دەکات لەناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی دیکە (واتە سەرەتا سەرمایەداری لەڤینیسیاوە سەریهەلّداو دواتر گواسترایەوەیەوە بۆ ئەمستردام، پاشان بەرەو لەندەن و نیویۆرک پەلیهاویشت). لەئێستاشدا پێشبینیدەکرێت ناوەندی کەپیتالیزم، بەرەو چین و هیندستان و خۆرهەلّاتی دوور بچێت، چونکە هەر سەردەمەو شوێن و ناوچەیەک دەبێتە مەلّبەندی سەرمایەداری، پێویستە ئەو جێگەیەش خاوەن ئابووریەکی تۆکمەو زەبەلاح بێت.

سێیەم و دواین کتێبی گەورەی، دەربارەی مێژووی فەرەنسایەو لەسێ بەرگ پێکدێت. ئەم کتێبە دوا بەرهەمی ژیانی "برۆدێل" بوو، کە ماوەیەکی کەم بەر لەمردنی چاپکرا. سەرەڕای ئەمانە چەند کتێبێکی دیکەشی هەبووە، هەموو ئەوانەش کتێبی تیۆری و میتۆدی بوون دەربارەی مێژووناسی.

دەربارەی دەریای سپی ناوەڕاست و بەری ئیسلامییەکەی "برۆدێل" دەلّێت: (تێڕەمی دەریای سپی ناوەڕاستی ئیسلامی مانای، ئەوە دەگەیەنێت کەعەرەب کۆنترۆلّی بەشی خۆرهەلّات و باشووری دەریاکەیان کردووە. ئەلّبەت ئەمەش دوای سەرهەلّدانی ئیسلام و سەردەمی فتوحات دەستپێکردو دواتریش لەسەردەمی دەسەلّاتدارێتی عوسمانییەکاندا بەردەوام بوو. فتوحاتی ئیسلامی

دەستی هەبوو لەگۆڕینی سیمای مرۆیی و ئایینی لەدەریای سپی ناوەڕاستدا و جیهانی ئیسلامی بەهۆی شارستانییەتەکەیەوە توانی رۆڵێکی کارا بگێڕێت لەجێهێشتنی کاریگەری لەسەر گەلانی دیکەی ناوچەکە، بەتایبەتیش گەلانی ئەوروپی. ناکرێت رۆڵی شارستانیەتی ئیسلامی، بەفەیلەسوف و زاناو پزیشک و بازرگانەکانییەوە لەبەرچاو نەگرین و بەشداری ئەوان لەگەیاندنی شارستانیەت بەخۆرئاوا ئافەرۆزکەین، ئەویش لەڕێی دوو مەڵبەندی سەرەکییەوە، یەکەمیان ئیسپانیاو دووەمیش سقلیە).

هەرچی کتێبەکەشیەتی دەربارەی (شارستانیەتی مادی و کەپیتالیزم)، "برۆدێل" لەبارەیەوە دەڵێت: (هەرچی جارێک دەربارەی گەورە سەرمایەداران و خاوەن بانکەکان لێکۆڵینەوە دەکەم تووشی شۆکدەبم، لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆر کەمە. بۆ نموونە لەساڵی 1840دا بانکە گەورەکانی فەرەنسا مووڵکی تەنها چل خێزان بوون، واتە ژمارەیان تەنها دوو سەد کەسێک دەبوو. لەسەدەی هەژدەشدا هەموو بازرگانی مەرسیلیا لەدەستی هەشتا کەسدا بوو، کەواتە سەرمایەداران ژمارەیان کەمە، بەڵام کارو کردەوەیان گەورەیە).

هەر دەرهەق بەنووسینی ئەم کتێبە "برۆدێل" دەڵێت: (ئەوەی رایسپاردم ئەم کتێبە بنوسم، کەسێک بوو لەهەموو کەسم زیاتر خۆشتر دەویست، ئەویش مامۆستای مێژووناسیم- لوسیان ڤیڤەر بوو. ئەوە ئەو بوو ئامۆژگاریکردم کتێبێک بنووسم دەربارەی مێژووی ژیاری مادی لەخۆرئاوا، لەسەدەی پازدەوە بۆ سەدەی هەژدە، پاشان پێیوتم، منیش کتێبێک دەنووسم کەباس لەژیانی ئەقڵی و فیکری خۆرئاوا بکات لەهەمان قۆناغدا، تابێتە تەواوکەری کتێبەکەی تۆ. بەمجۆرە دەکرێت بڵێین بەهەردووکمان تەواوی مێژووی خۆرئاوامان بەسەر کردووەتەوە بەهەردوو لایەنەکەیەوە. لایەنی مادی و فیکری، لەگەڵ لایەنی ئابووری و کلتووری. ئەمەش بریتیە لە مێژووی گشتی و هەمەلایەنی ژیاری مرۆڤایەتی، بەڵام جەخار لوسیان ڤیڤەر مردو بەتەنها جێیهێشتم، واتە مەرگ رێگەی نەدا ئەو کتێبەی تەواوکات کەبڕیاری لێدابوو، بەڵام من بیست ساڵی تەمەنی خۆم بەخەرجدا بۆخاتری تەواوکردنی هەرسێ بەرگی کتێبەکە. لەگەڵ ئەوەشدا نووسینەوەی مێژووی رۆحی و کلتووری و فکریی ئەو قۆناغەمان ناتەواوە کەڤیڤەر دەیویست بەکتێبێک بینووسێتەوە، ئەگەر مەرگ رێی بدایە، چونکە هەر بەتەنها نووسینەوەی مێژووی مادی بەس نییە، بۆ تێگەیشتن لەشارستانیەتی مۆدێرن).

مێژوو لای "برۆدێل":

"برۆدێل" مێژوو دەکاتە سێ بەش. بەبێ ئاگاداربوون لەهەرسێ چەمکی (مێژووی ماوە کورت و مێژووی مام ناوەندو مێژووی ماوەدرێژ)، ئەستەمە بتوانین لەمیتۆدەکەی بگەین، بەڵام

دیکارت

بابزانین ئەوە یانی چی؟ واتە مێژوو سێ زەمەنی هەیە:

یەکەم: زەمەنی بونیادی، کەزەمەنێکی سەرکوتکارو بەژێرەوە بووە.

دووەم: زەمەنی شەڕو شۆڕو بنەماڵە حوکمڕانەکان.

سێیەم: زەمەنی گۆڕانکاریە سیاسییە لەناکاو و کوتوپڕەکانە کەڕۆژانە دەیبینین. ئێمە ئەم زەمەنە بەزەمەنی رۆژنامەوانی ناوی دەبەین و زیاتر جێی سەرنجی ئێمەیەو پێمانوایە سەرەکیترین شتە.

زەمەنی یەکەم زۆر دوورودرێژەو وەك ئەوە وایە چەقی بەستبێت و لەجێی خۆی نەجوڵێت، یان رەنگە بەئاستەم جوڵە بکات. نموونەی ئەمە ئاووهەواو جوڵەو گۆڕانی وەرزەکانە. بۆ نموونە وەرزی زستان لەتێکڕای وڵاتانی دەریای سپی ناوەڕاستدا وەك یەکە، واتە بەگشتی زستانی ئەو وڵاتانە مامناوەندەو بەپێچەوانەی وڵاتانی باکووری ئەوروپاوەیە کەئێجگار ساردو سڕن. بەری هەزاران ساڵ و تائەمڕۆ وەرزی زستان لەدەریای سپی ناوەڕاستدا وەك خۆیەتی و هیچ نەگۆڕاوە، ئەم قسەیە بۆ بەهارو هاوین و ... هتد، راستە.

رەنگە لەئێستادا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، ئەویش بەهۆی گۆڕانی ئاو و هەواوە کەبووەتە شوێن پرسیاری زانایان و وەڵامێکیان بۆی نییە. دەکرێت هەمان شت دەربارەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی وڵاتانی کەناری دەریای سپی ناوەڕاستیش بڵێین. ئەمانەش هەزاران ساڵە هەروەك خۆیانن (بۆ نموونە لیمۆو پرتەقاڵ و زەیتون و هەنجیرو ترێ و...هتد). تەواوی وڵاتانی ناوچەکە هەر لەئیتاڵیاوە بۆ ئیسپانیاو لیبیاو مەراکیش و میسرو تونس و سوریاو فەلەستین و....هتد، تێیدا هاوبەشن و وەك یەك بەو شتانە خەریکن.

هەرچی زەمەنی مێژویی مامناوەندیشە، ئەوا ئەو شتانە دەگرێتەوە کەپەنجا ساڵ بۆ سەد ساڵ بگرە بۆ دوو سەد ساڵ دەخایەنێت. وەك نموویەکیش دەتوانین باس لەهەندێك بنەماڵەی پادشاکان، یاخود هەندێ سستمی سیاسی بکەین، بەڵام زەمەنی مێژویی ماوە کورت، ئەوا پەیوەندی بەو رووداوانەوە هەیە کەڕۆژانە روودەدات.

پێویستە مێژوونووس هەر کاتێك دەستیدایە لێکۆڵینەوە لەمێژووی وڵاتێك، جیاوازی لەنێوان ئەم سێ ماوە زەمەنییەدا بکات. هەندێ دیاردەو رووداو هەیە، گەر نەیخەینەوە ناو زەمەنی مێژووی ماوەدرێژ، ئەستەمە بتوانین تێیبگەین. بۆ نموونە پرسی ئەقڵانیەت

دیکارت

لەخۆرئاوادا. ئێمە گەر بێت و تەنها لەڕێی هەلومەرجی ئێستاوە تاوتوێمانکرد، ئەوا بەچاکی لێی حاڵی نابین و تێیناگەین، چونکە ئەقڵانیەت بەرهەمی ئەمرۆ نییە، بەڵکو پاشخانێکی میژووی دوورودرێژی هەیە کەدەگەڕێتەوە بۆ "رینێیە دیکارت" لەسەدەی حەقدەیەم یان بۆ سەدەمی رێنسیانس لەسەدەی شازدەیەمدا. دوای ئەوە هێدی هێدی ئەقڵانیەت گەشەیکردو ئەو جەهل و نەزانین و خورافاتانەی ڕاماڵی کەبیرکردنەوەی خەڵکیان لەخۆرئاوا داگیرکردبوو.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، ئێمە بۆئەوەی لەئەقڵیەت و بیرکردنەوەی میللەتانی ئەوروپی تێبگەین لەئێستادا، ئەوا پێویستمان بەوەیە سێ سەدە یان چوار سەدە بگەڕێینە دواوە، ئەمەش ئەو شتەیە کەپێیدەڵێن (زەمەنی ماوەدرێژی مێژوو).

هەروەها بۆ ئەوەی لەدیاردەی ڕەگەزپەرستی تێبگەین، نابێت بەتەنها بەچاوی ئێستا سەیری ئەو دیاردەیە بکەین، واتە لەسیاقی ئەم دە پانزە ساڵەی ڕابردوودا بیخوێنینەوە. وەک ئەوەی ڕۆژنامەنووسان دەیکەن و بووەتە کاری هەمیشەییان، بەڵکو دەبێت لەچوارچێوەی میژووی ماوەدرێژدا سەیری بکەین و لێیبکۆڵینەوە، چونکە ڕەگەزپەرستی مێژوویەکی کۆن و دوورودرێژی هەیە. سەبارەت بەتێگەیشتن لەکێشەی ئایینی و مەزهەبیش، کەئێستا لەوڵاتانی ئیسلامیدا تاوی سەندووە، دەبێت هەمان شت بکەین، واتە ئێمە ناتوانین هەقیقەتی ئەو کێشەیە بەیان بکەین، گەر هەزار ساڵ بۆ دواوە نەگەڕێینەوەو نەزانین چۆن بۆ یەکەمجار ئەم دابەشبوون و دووبەرەکییە لەناو ئیسلامدا دروستبوو.

ئێمە سەروەختێک لەڕێی ڕۆژنامەو کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، بۆ نموونە گوێبیستی هەواڵی عیراق و پاکستان دەبین، وا دەزانین تێدەگەین لەو دوو وڵاتەدا چی دەگوزەرێت، لەکاتێکدا ئەوەی ڕاستی بێت هیچ نازانینو لەهیچ حاڵی نابین، لەبەرئەوەی ئەو کێشانە ناخرێنە ناو زەمەنی ماوەدرێژەوە، بەڵکو تەنها وەک ڕووداو و دیاردەگەلێکی ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەمەش بەس نییە بۆئەوەی بتوانین، لەهۆکاری ئەو تەقینەوەو شەڕو کوشتارە ناوخۆییانە تێبگەین کەهەندێ جار لەناو مزگەوت و شوێنی خواپەرستیدا ڕوو دەدەن. دەبێت سەدان ساڵ بگەڕێینە دواوە، بۆ ئەوەی لەبارودۆخی ناهەمواری ئەمڕۆی عیراق تێبگەین و بزانین ئەو توندوتیژییە بێئامانە بۆ ڕووەدات.

بەکورتییەکەی بۆئەوەی لەمڕۆ بگەین، پێویستە شارەزای ڕابردوو بین، پێچەوانەکەی ئەم قسەیەش ڕاستە.

لەبواری میژووناسیدا "ئەرکۆن" شوێن پێی "برۆدێل" هەڵدەگرێت و بەو میتۆدەی ئەو کاردەکات کەپێیوایە دەبێت، ئێستا لەبەر ڕۆشنایی ڕابردووداو ڕابردووش لەبەر ڕۆشنایی ئێستادا بخوێنینەوە. تەنها بەم ڕێگایەش دەتوانین میژووی ئیسلام، بەڕوون و ڕەوانی ببینین. وەکی دەشزانین "محەمەد ئەرکۆن" خوێندکاری "فێرنان برۆدێل" و (قوتابخانەی بلاوکراوەی سالانە)یە بەگشتی. هۆکاری سەرکەوتنی پرۆژە فیکرییەکەشی کەتایبەتە بە (ڕەخنەگرتن لەئەقڵی ئیسلامی)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێندکاری نوێترین و کاملترین قوتابخانە بووە لەبواری میژووناسیدا.

با نموونە بەشتێکی دیکە بهێنینەوە کە لەئێستادا هەموولایەکی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە (ئەویش مەسەلەی ئیسلام و توندوتیژییە). ئێمە ناتوانین تەنها لەڕێی تاوتوێکردنی چرکەساتی ئێستاو (بن لادن)و ڕێکخراوی (قاعیدە)وە، لەو دیاردەیە تێبگەین. گەر بێتو تەنها لەساتەوەختی ئەمڕۆدا خۆمان قەتیس بدەین (وەکی ئەوەی ڕۆژنامەنووسە ناشی و

ئێستا لەبەر ڕۆشنایی ڕابردووداو ڕابردووش لەبەر ڕۆشنایی ئێستادا بخوێنینەوە. تەنها بەم ڕێگایەش دەتوانین میژووی ئیسلام، بەڕوون و ڕەوانی ببینین

سەتحیەکان دەیکەن)، ئەوا لەهیچ حاڵی نابین، پێویستە بگەڕێینە دواوە، تا دەگەینە قوڵترین چرکەساتی رابردوو، واتە دەگەینە چرکەساتی دابەزینی قورئان کەهەزارو چوار سەد ساڵ بەرلەئێستا دەکات، هەروەها پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ساتەوەختی فۆرمەلەبوونی تیۆریای جیهاد، لەسەردەستی فوقەها گەورەکان لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکاندا.

بڕوانە ئەو شیکارییە رادیکاڵی- ئارکیۆلۆژییە قەشەنگەی "ئەرکۆن" بۆ سورەتی (التوبە)ی دەکات، ئەگەر لەقورئاندا هەندێك ئایەت رەوایەتیان بەتوندوتیژی موقەدەس نەبەخشیایە، ئەوا فێندەمێتالیستەکانی ئەمڕۆ نەیاندەوێرا بەو ئاسانی و خۆین ساردییەوە، هەموو ئەو تاوانانە بکەن. گەر فوقەها گەورەکان ئەوەندە پێداگیرییان لەسەر پرسی توندوتیژی نەکردایەو ئایەتەکانی لێخۆشبوون و لێبوردەییان فەرامۆش نەکردایە، ئەوا تیرۆریستەکانی ئەمڕۆ تائەو ئاستە وێژدان ئاسوودە نەدەبوون.

قورئان زۆر لەفوقەهاکانی ئەمڕۆ زیاتر، پێداگیری لەسەر تۆلێرانس و ناتوندوتیژی دەکات و ئەوەندەی داوای بەخشندەیی و سنگ فراوانی دەکات. ئەوەندە هانی توندوتیژی نادات.

کەواتە بەرپرسیارێتی توندوتیژی و رەوایەتی بەخشینی ئیلاهی بەو کارانە، بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی فوقەهاکان. دەکرێت ئێمە جیاواز لەتەفسیرو لێکدانەوەکانی ئەوان، تەفسیرو لێکدانەوەی دی بۆ قورئان بکەین. تەفسیرو لێکدانەوەیەك کەزۆر کراوەتر بێت و لەگەڵ گیانی سەردەمە نوێیەکاندا بگونجێت. بۆئەم مەبەستەش دەتوانین پشت بەئایەت گەلێك ببەستین کەباس لەتۆلێرانس دەکەن، بۆئەوەی تیۆلۆژیای ئازادی و مافەکانی مرۆڤی لەئیسلامدا پێدروستبکەین. ئەڵبەت ئەو ئایەتانەش زۆر زیاترن لەوانەی باس لەتوندوتیژی دەکەن.

بۆیە دەڵێین میتۆدی هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی، بۆتە کارێکی پێویست لەپێناو ئازادکردنی بیرکردنەوەدا. ناکرێت ئێستا ئازاد بکەین، بەبێ ئەوەی رابردوو ئازادبکەین یان بەجۆرێك لەجۆرەکان دەستەویەخە بین لەگەڵیدا. ئەمەش کاری قورس و گرانی ئێمەیە



لەچەند ساڵی داهاتودا. ئەم پرۆسەیە تەنانەت لە روی سایکۆلۆژیشەوە، پرۆسەیەکی مەترسیدارو دژوارە.

گەڕانەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست:

بابگەڕێینەوەلای "فێرنان برۆدێل" و دەریای سپی ناوەڕاست. "برۆدیل" توانی زۆر لێهاتوانە مێژووی دەریای سپی ناوەڕاست و ئەو شارستانیەتانە بنوسێتەوە کەلە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ لەوێدا دروست بوون. سەرەتا بابەتەکەی بەباسکردنی مێژووی ماوە درێژ دەستپێدەکات، واتە ئەو ماوەیەی تایبەتە بە پەیوەندی مرۆڤ بەو ژینگە سروشتیەی لە ناویدا دەژی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ. "برۆدێل" لێرەدا باس لەو چیاو دەشت و دۆڵانە دەکات ، کەلە هەموو لایەکەوە چواردەوری دەریای سپی ناوەڕاستیان داوە، هەروەها باس لە دورگەکانی ناوچەکەو ژیانی دەشتەکی و بەندەرەکان و ئەو ڕێگا دەریایی و وشکانیانە دەکات کەلەو کاتانەدا هەبوون، بێگومان باسی لەئاو و هەوای ناوچەکەو سوڕی وەرزشەکانیش کردووە، واتە هەموو ئەو شتانەی باسکردووە و گرنگی پێداون و کردونیەتیە خاڵی دەستپێك و سەرەتا، ئەمەش بریتیە لە قاتی خواری خوارەوەی مێژوی مرۆڤایەتی.

دوای ئەوە درێژە بەباسەکەی دەداتو دێتە سەرباسکردنی بابەتەکەی لە سیاقی مێژووی مامناوەندانەدا کەراستەوخۆ دوای مێژوی ماوەدرێژدێت. مەبەست لێی تاوتوێکردنی مێژووی کۆمەڵایەتی گەل و نەتەوەکانەو و بواری (ئابوری و دیمۆگرافیی و دراوو کانزاکان و نرخ و بازرگانی دانەوێڵە و ئامرازەکانی هاتوچۆی وشکانی و ئاوی لەو سەردەمانەدا دەگرێتەوە، هەروەها باس لە توێژو چینە جیاجیاکانیش دەکات لە (شارنشینەکانەوە بۆ چەتەو ڕێگرەکان، تادەگاتە شەڕو مڵملانێکانو خەڵك و خوای جولەکەو موسڵمان و مەسیحی).

دوای ئەوە "برۆدێل" دێتەسەرباسکردنی دواین و سێیەمین قات لە مێژووی گەلانی دەریای سپی ناوەڕاست، ئەم زەمەنەش تایبەتە بەبواری ئەو سیاسەت وجەنگە سەربازیانەی بنەماڵە حکومڕانەکان گرتویانەتەبەر، یان باس و خواسی ئەو شەڕانەی لەنێوان ئەوروپاییە مەسیحیەکان و تورکە موسڵمانەکاندا رویداوە، واتە ئەم مێژووە سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسیەی جاران شوێن بایەخی مێژوو نوسان بوو، ئێمەش پێی سەرسام بووین، بەراورد بەماوە مێژوویەکانی دیکە بووەتە شتێکی لاوەکی، چونکە بەلای (قوتابخانەی بڵاوکراوەی ساڵانەوە)، ئەم مێژووە تەنها روکارێکەو هیچی تر، واتە بەرەنجامی ماوە مێژوویەکانی پێش خۆیەتیو دەرکەوەتەکەی بونیادە قوڵەکانی دیکەیە کەپێشتر باسمانکردن.

ئەو مێژووە راستەقینەیەی مەسەلەکان یەکلایی دەکاتەوە، بەپلەی یەکەم بریتیە لەمێژووی بونیادە جوگرافی و دیموگرافی و ئابووری و ژینگەیی و سروشتیەکان، نەك مێژووی ئەم یان ئەو پادشاو دەسەڵاتدار. هەرلەبەر ئەوەیە "ناپلیۆن" دەڵێت: (پێمبڵێی جوگرافیای ئەو وڵاتە چۆنە، پێتدەڵێم چ جۆرە سیاسەتێك پەیڕەو دەکات). ئەمەش ئەوشتەیە کەلە ئێستادا ئێمە پێیدەڵێین جێوپۆلەتیك. بەواتایەکی دی پێگەی وڵات و سەرچاوە سروشتی و توانستە ئابوریەکانی و ژمارەی دانیشتوانی و سنورو جۆری دراوسێکانی، هۆکارگەلێکن کەدواجار ئاراستەی سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسی وڵاتەکە دیاریدەکەن. ئەگەر فەرەنساو ئەڵمانیا دراوسێت بن، جیاوازە لەوەی دراوسێی مۆریتانیا یان سینیگال بیت.

"برۆدیل" و میژووی فرنسا:

"برۆدێل" ژیانی زانستی خۆی بەنوسینی کتێبێك کۆتایی پێهێنا، کتێبەکەش دەربارەی (مێژووی فەرنسا)بوو. ئەمەش شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو... بەرلەوەی ئەم کتێبە تەواو بکات، لە یەکێك لە دیدارە رۆژنامەوانیەکانیدا وتبوی: (لە چوارچێوەی زەمەنی مێژووی ماوەدرێژدا دەینوسم.. واتە باس لەو گۆڕانکاریانە دەکەم کەزۆر بەسستی و بە خاوی لە مێژووی فەرەنسادا رویانداوەو ئەو پێویستیان بەچەند سەدەیەك هەیە تا روو بدەن. هەر لەدرێژەی قسەکانیدا لەودیدارە رۆژنامەوانیەدا دەڵێت: (ئینگلیزەکان پێیدەڵێن ئەو مێژووەی تۆ دەینوسی، کۆتایی نییە! قەیدی چیە؟ ئەمە ئەوەدەگەیەنێ کەمن دەگەڕێمەوە سەر هەندێ دیاردەو روداو کەلەسەردەمی لویسی چواردەدا هەبوون، تابتوانم شرۆڤەی هەلومەرجی ئێستای فەرنسای پێبکەم، چونکە شت گەلێك هەن بەدرێژایی رۆژگار و سەدەکان بەردەوامدەبن و دەمێنن، بەڵام لەبەرامبەریدا شت گەلێکیش هەن سەر بەسەدەی حەڤدەهەمن، بەڵام لە ئێستادا گۆڕاون و بونیان نەماوە).

کەواتە پێویستە مێژووناسی لەو شتانە بکۆڵێتەوە کەبەردەوامێتیان هەیە، هەروەها ئەوشتانەش بەسەربکاتەوە کەنەماون و تیاچوون و بوونەتە بەشێك

لەمێژوو. مانای دابڕانی ئەبستمۆلۆژی یان دابڕانی مێژوویش لێرەدایە. شت گەلێك هەن بەیەكجارەكی لەناو دەچن و نامێنن. پێویستە دان بەمردن و دابڕاندا بنێین، وەك شتێك كەلەمێژووی مرۆڤایەتی جیانابێتەوە. "نیچە" لەم رووەوە دەستەواژەیەكی جوانی هەیە دەڵێت: (مرۆڤ دەتوانێت وەك ئاژەڵ بژی بێئەوەی هیچی بیربمێنێ، بەڵام مەحاڵە بتوانێت بژی بێئەوەی توانای لەبیركردنی هەبێت). ئەمەش مانایوایەكە بیرچونەوە دیاردەیەكی تەندروستە، نەك دیاردەیەكی ناتەندروست بێت. بابۆ ئەمە نمونە بە ئەوروپای مۆدێرن بێنینەوە كەتێكڕای مێژووی مەسیحیەتی سەدەكانی ناوەڕاستی لەبیركردو سەرجەم بیركردنەوە و پەیجور موقەدەس و سروت و ڕێورەسمەكانی ئەو سەردەمەی بیر خۆی بردەوەو وایی لێهات، ئێستا بەعەقڵیەتێكی دیكەی عەلمانی و تەواو جیاواز لە ئەقڵیەتی پێشوو دەژی و بیردەكاتەوە.

واتە "برۆدێل" دەیەوێت پێمانبڵێت: (سەرەوەختێك دەست بەتاوتوێكردنی میژووی ولاتێك دەكەین، نابێت هەریەتەنها بەبیست یان سی سالی ڕابردووەیەوە دابكەوین، بەڵكو پێویستە لەروانگەیەكی دوورودرێژترەوە سەیری بكەین، واتە بگەڕێینەوە بۆ دوو تاسێ سەدەو تەنانەت بۆسەدە پێشتریش).. بۆئەوەی بەچاكی لەكارەكتەری مرۆڤی فەرەنسی تێبگەیت، ئەوە بەس نییە تەنها لەڕێی سەردەمی "جیسكار دیستان و مێتێران و شیراك و سارکوزیەوە" لێیبكۆڵیتەوە، بەڵكو دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ رابردویەكی دوورتر، بۆسەردەمی پادشاكان و شۆڕشی فەرنسی و ئەو دابڕانە گەورەیەی لەنێوان ئەو دوقۆناغەدا رویدا. ئەم قسەیەش بۆ تێگەیشتن لەكارەكتەری كەسایەتی عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزیش راستە..

ناتوانین لە عەرەب تێبگەین، گەرنەگەڕێینەوە بۆ سەرەتاكانی ئیسڵام و سەردەمی فتوحات و بگرە تەنانەت بۆسەردەمی پێش هاتنی ئیسلامیش، واتە بۆ سەردەمی جاهلی و دابەشبوونیان بەسەرخێڵ و هۆز و تیرەی جیاجیاكاندا، چونكە ئەم شتانە تائێستاش لە ئەقڵیەتی مرۆڤی عەرەبدا ماون. ئەگەرچی كەم تازۆر بەپێی ژینگەو ئاستی كۆمەڵایەتی و كلتوری دەگۆڕێت. لەدووەم بەشی كتێبەكەیدا دەربارەی (مێژووی فەرەنسا) ئەم پرسیارە دەكات و دەڵێت: (ئایا فەرەنسیەكان لە شكۆمەندی و ماڵوێرانیەكانی مێژووی خۆیان بەرپرسیارن؟). لێرەدا "برۆدێل" پرسیار لەرادەی ئازادی مرۆڤ دەكات لە مێژوودا، یاخود باس لەو پەراوێزی ئازادیە دەكات كە رەنگە هەیبێت و رەنگە نەشی بێت. بەبڕوای ئەو مرۆڤ ئاراستەكراوەو چارەنوسی لەدەستی خۆیدانییە، بۆیە تەواو ناكۆكە لەگەڵ ئەو بۆچونەی "ماركس"دا كەدەڵێت: (مرۆڤەكان خۆیان مێژوو دروست دەكەن). گومانی تێدانییە، مرۆڤەكان تاڕادەیەك مێژووی خۆیان دروستدەكەن، بەڵام بەتەواوی دەستیان بەسەریدا ناشكێ و ئاراستەی تەواوەتی لەدەستی خۆیاندا نییە.

"برۆدێل" پێیوایە مێژووش مرۆڤ دروست دەكاتو كاریگەریان لەسەر جێدێڵێت و ئاراستەی بیركردنەوەیان دیاریدەكات، ئیتر پێ بزانن یان نا. سەبارەت بەپەیوەندی مێژووناسی بەزانستە كۆمەڵایەتیەكانی دیكەوە، "برۆدێل" دەڵێت: (مێژوونوسی هاوچەرخ ناتوانێت كارەكانی خۆی بەچاكی ڕاپەڕێنێت، ئەگەر ئاگاداری بوارەكانی دیكەی زانستە مرۆڤایەتیەكان نەبێت. لە رابردوودا مێژوونووس تەنها ئیكتیفای

بە بە گێڕانەوەی رووداوە مێژووییە یەك بەدوایەکەکان دەکرد و باسی سەربوردەی پادشاو فەرمانڕەواو شەڕو قارەمانە مەزنەکانی بۆ دەکردین، بەڵام ئەمڕۆ هەر ئەوە بەس نییە.. ئێمە بۆ ئەوەی مێژووی وڵاتێکی وەك فەرەنسا یان هەروڵاتێکی دی بنوسینەوە، یەکەمجار پێویستە جوگرافیای ئەو وڵاتە شارەزابین و ژمارەی دانیشتوانی بزانین و ئاگاداری ئابوریەکەی و سروشتی خەڵکەکەی و پێکهاتەی ئاینی و مەزهەبیەکەی بین و بزانین بارزدۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی چۆنە و یەزدان چ سەرچاوەیەکی سروشتی پێبەخشیون.

واتە مێژوونوسی هاوچەرخ، هەربەتەنها مێژوو نوسنییە، بەڵکو دەبێت جوگرافیاناس و ئابوریناس و کۆمەڵناس و دەروننناس و زماننناس و رەچەڵەکناس بێت و ئاگاداری مێژووی بەراوردکاری ئاینیەکانیش بێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەزانستە مرۆییەکان هەر هەموویان، لەناومێژوو ناسیدا کۆدەبنەوە و مێژووناسی بووەتە دایکی سەرجەم زانستە مرۆییەکان. ئەمە ئەو دەسکەوتە گەورەییەکە (قوتابخانەی بڵاوکراوەی ساڵانەی فەرنسی) پێیگەیشت.

وەك دەزانرێت (قوتابخانەی بڵاوکراوەی ساڵانە)، بەناوبانگترین قوتابخانەی مێژووییە لەجیهاندا و بەچاکترین شێوەش لە کەسایەتی "فێرنان برۆدێل" دا بەرجەستە بوو، واتە ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەی مێژووە بەگشتی و مێژووی هەروڵاتەش لە هەموو رەهەندێکەوە شیدەکاتەوە، بەمەش دەتوانێت زۆر بەچاکی هەموو رەهەندو لایەنە شاراوەکانی ئەو مێژووە روناکبکاتەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، نیمانەو پێویستمان پێیەتی.

ئێمە گەر مێژوونوسی پسپۆڕمان تێدا دروست بێت و بزانن چۆن میتۆدی (قوتابخانەی بڵاوکراوەی ساڵانە)، بەسەر مێژووی وڵاتانی خۆماندا پراکتیزەبکەن، ئەوا دەمانتوانی لە پێکهاتەی ناوەکی ئەو مێژووە حاڵی بین و لەڕێی ئەوەشەوە دەمانزانی چۆن بەچاکی و بەشێوەیەکی راست و دروست، کێشەو گرفتەکانی دیاریبکەین و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە، بەڵام بێئاگایمان لە هەموو ئەوانە، هۆکاری ئەوەیە بکەوینە ناوگێژاوی هەڵەی سیاسی واوە کە هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی نەبێت. سەیری دەستەوسانی و بێچارەیی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بکە، لەئاست کێشە و گرفتی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا. ئەوە با ئەوئایدیۆلۆژیا پۆپۆلیستیەش لەولاوە بوەستێ کە مێشك و بیرکردنەوەی داگیرکردوین.

کەچی کۆمەڵگای فەرەنسی لە هەموو رویەکەوە تاوتوێکراوە و ئەوەی بەم کارەش هەستاوە، مێژوونوسان و فەیلەسوفان و کۆمەڵناسانی فەرەنسابوون، هەربۆیە ئەوان لە جۆری ئەو کێشانە دەزانن کەدووچاری دەبن و دەتوانن زۆر بەچاکی دەست نیشانی بکەن و چارەسەری بۆبدۆزنەوە. بەمەش بەردەوام لەپێشکەوتندا دەبن و بەرەو پێش دەچن.

لێرەوە "جاك بێرك" ی هاوڕێ و هاوسەردەمی "فێرنان برۆدێل" راستی پێکاوە کەدەڵێت : (کۆمەڵگەی دواکەوتوو و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو نییە. ئەوەی هەیە ئەوەیە کۆمەڵگەیەك هەیە بەنوێترین میتۆد شرۆڤە دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا کەفەرامۆشکراوە یاخود بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە.. ئەمە پوختەی مەسەلەکەیە). بێگومان ئەم بۆچونەی "جاك بێرك"، کەمێك زیادەڕۆی تێدایە.

سەرچاوە:
- **الاوان** 2010/6/27

ئێمە بۆ ئەوەی مێژووی وڵاتێکی وەك فەرەنسا یان هەروڵاتێکی دی بنوسینەوە، یەکەمجار پێویستە جوگرافیای ئەو وڵاتە شارەزابین و ژمارەی دانیشتوانی بزانین